پیرەمەگرون

کوردستانی نوێ

خاك

ساڵی بیست‌وپێنجەم ژمارە: (٧١١٩) چوارشەممە ١٦ / ١١ / ٢٠١٦

دووتوێیەکی تایبەتە لەچوارچێوەی هاوکارییەکانی کەناڵی خاک و کوردستانی نوێ

تۆفیق وەهبی، سوپاسالارێکی عەللامە



مام جەلال: بەبێ چەکی بیر و چەکی دەست حەقی کورد بەدەست نایەت و ئەگەر بەدەستیش هات ناپارێزرێ

بەشێک لە وتاری مام جەلال لە مەراسیمی ناشتنی تەرمی مامۆستا تۆفیق وەهبی دا

پەیکەری تۆفیق وەهبی

کاری: زاهیر سدیق

ئامادەکردنی بۆ کەناڵی خاک: زاهیر سدیق

ژەنەڕاڵی کوردایەتی و پێنوسی بوێر مامۆستای دڵسۆزی کوردستان تۆفیق وەهبی لەم دوو توێیەدا کە وەک کارەکانی پێشووتر بەرنامەیەکی کەناڵی خاکە لەدووتوێی پاشکۆیەکدا پێشکەشی خوێنەرانی دەکات، ئەم دووتوێیە ئاوڕدانەوەیەکە لە ڕەنج و تێکۆشانی مامۆستا تۆفیق وەهبی، کە چۆن لەژیانی خۆیدا لەپێناوی مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلەکەی تێکۆشاوە، چ وەک ژەنەڕاڵێکی سوپایی و چ وەک نووسەرێک بوێر. ئەم دوتوێیە پێنجەمین کاری هاوبەشی کەناڵی خاک و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێیە.

یەکێک لەو کەسایەتییە ناسراو ناودارانەی گەلەکەمان کە لەسەرەتای سەدەی بیستەم و لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم دەوری کاریگەری لەناوبزافی ڕۆشنبیریی و نەتەوەییدا بینیوە، مامۆستا تۆفیق وەهبیە، ئەم زاتە وەک زانا و نووسەرێکی هەڵکەوتووی سەردەمەکەی خۆی لەچەندین بواری جیاوازدا توانیوێتی بەشاکارە پوختەکانی روناکی بخاتە سەرهەندێک لایەنی گرنگی کەلتوری و زمانەوانی و مێژوویی، تۆفیق وەهبی بەگ سەرەتا بەژیانی سەربازی و خوێندنی لەو بوارەدا هەتا بەدەستهێنانی چەندین پلەی ئەفسەریی گەورەو پاشان وەرگرتنی پۆستی وەزاری وبوو بەوەزیری حکومەتی ئەو دەمەی حوکمڕانی عیراق و دواتریش هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەونووسینی چەندین نوسراوی مێژوویی وزمانەوانی، توانی شارایەک لەخەبات وخزمەتکردن پێشکەش بەنەتەوەکەی بکات، ئەو هەوڵانەی تۆفیق وەهبی بە بەردی بناغەی دانان ودامەزراندنی ئەو هەوڵانە دادەنرێ کە هەتا ئێستاش خەبات وتێکۆشانی بۆ دەکرێ. ئەو دەمەی ئەم زانا گەورەیە بیری لەدروست بوونی ڕێزمان و ڕێنووسی کوردی دەکردەوە یان لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی لەسەر شوێنەوارە دێرین ومێژووییەکان دەکرد، هەر ئەو ڕۆژگارە بەهۆی دواکەوتوویی باری ژیان ونەخوێندەواری وپارچەپارچەبوونی کوردستان وهەموو بنەماکانی زمانی کوردی ورابردوومان لەکەناری مەرگ ولەناوچوون دابوون، ئەو کاتێک لە سیاسەتی سەردەم و دەسەڵاتە زلهێزەکان تێگەیشت، ئیتر هەوڵیدا بیر لەستراتیجی رزگاربوونی نەتەوەیی و نەخشەی ئایندەی هاوپەیمانی لەگەڵ وڵاتانی بەهێزدا بەئاقارێکی وادا بەرێ کە قازانج و بەرژەوەندی گەلەکەمانی تێدابێ، بەڵام مخابن تێگەیشتن و قبوڵکردنی ئەو دیدوبۆچوونانە لەو قۆناغە مێژوویییەدا لای زۆرکەس سەخت و دژوار بوو. مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ کاتێک لێکۆڵینەوەی لەسەر ئاری نەژادەکان و ئاینەکۆنەکانی گەلی کورد دەکرد هەر ئەوکات دەیویست بیسەلمێنێ کە گەلی ئێمە کۆنترین گەلی ناوچەکەیەو ڕەگ و ریشەی قوڵی هەیە. ئەم زانا گەورەیە لەناو مێژووی سەدەی بیستەمدا لەخانەی ئەو کەسایەتییە ناسراوانەیە کە ڕۆڵی بەرچاو و دیاریان هەیە، ئەو هەتا مرد بۆ کورد ژیا و هەتا لەژیانیشدا بوو دژی دواکەوتن بوو بۆ سەرکەوتنی نەتەوەکەی دەجەنگا.

نەوشیروان فوئاد مەستی: تۆفیق وەهبی کوڕی مارف ئەفەندی کوڕی حەمە بەگی حەسەن بەگی میران بەگە، لەتایەفەی باوکییەوە دەگەڕێتەوە بۆ میرەکانی بابان، دایکی کچی زانای گەورە ڕەسوڵ مەستییە، ساڵی ١٨٩١ لەسلێمانی لەدایک بووە و ماڵی باوکی لەگەڕەکی قەزازەکان بووە، بەمنداڵی کە تەمەنی دە ساڵان بووە، باوکی کۆچی دوایی کردووە، تۆفیق وەهبی بەگ دەربارەی ماڵی باوکی ئەوەی لەیادمدا مابێ ساڵی ٥٧ تەشریفی هێنابووەوە بۆ سلێمانی ئێوارەیەک لەگەڵ باوکم دانیشتبوون، بەباوکمی گوتبوو: پێم باشە و وەهەوڵ ئەدەم خانووەکەی ماڵی باوکم بکڕمەوە و چاکی بکەم و بیکەم بەکتێبخانەیەک و ئەو کتێبانەی کە لەبەغدان هی کتێبخانەی خۆی نەقڵی بکەم بۆ سلێمانی بۆ ئەوەی خەڵکی شارەکە سوودی لێ ببینن.

هەر بەبنەماڵە زانا و ڕۆشنبیری بوون

د. عەبدوڵڵا عەلی ئاوایی: تۆفیق وەهبی یەکێکە لەزاناو ئەفسەرە ناودارەکانی کوردکە لەشاری سلێمانی لەساڵی ١٨٩١ لەدایکبووە لەبنەماڵەیەکی زاناو تێکۆشەر، باپیری تۆفیق وەهبی کە ناوی ڕەسوڵ مەستی ئەفەندی بوو یەکێک بووە لەزانا هەرە ناودارەکانی کوردستان کە زۆر کتێبی داناوەو لەسەر دەستی زانای گەورە و بەناوبانگ مەلا محەمەدی خەتێ ئیجازەی وەرگرتووە، ڕەسوڵ مەستی مودیری مەعاریفی موسڵ بووە لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا، هەروەها موزیقەیەکی دروستکردووە لەساڵانی ١٨٧٠ ئەوکات کە مەتحەت پاشا والی بووە لەعێراق، ئەو موزیقەیە ناردوویانە بۆ میسر لەوێ خدێوی چەند زانایەکی هێناوە و ئەو زانایانە سەیریان کردووە کە موزیقەیەکە دروستە، لەوێ پاداشتێکی باشیشیان داوەتێ، جگە لەوە سوڵتان عەبدولعەزیزیش چەندین جار پاداشتی کردووە لەسەر نووسینەکانی، کەواتە بنەماڵەی تۆفیق وەهبی بەگ بنەماڵەیەکی زانای ناودارەبوونە، بەڵام بەداخەوە باوکی زوو وەفاتی کردووە دایکی عاسییە خان پەروەردەی کردووە و لەهەمان کاتیشدا خاڵەکانی خۆشیان ویستووە. تۆفیق وەهبی یەکێکە لەو ئەفسەرە کوردانەی لەئەستەنبوڵ خوێندنی تەواوی کردووە، ئەگەرچی ئەفسەرانی کورد ژمارەیان کەم بووە لەچاو عەرەبەکان و لەچاو تورکەکان، بەڵام لەچاو ئەوەشدا جێ پەنجەیان دیارە لەمێژووی کوردەواریدا، تۆفیق وەهبی زۆر زمانی زانیوە لەوانە تورکی و عەرەبی و فارسی و کوردی و ئەڵمانی و ئینگلیزی و فەرەنسی. تۆفیق وەهبی پاش ئەوەی بەپلەی یەکەم دەرچوو و پاداشتی دراوەتێ، کاتێ شۆڕشی شێخ مەحمود دەستی پێکردووە ئەو ئەفسەر بووە لەدەوڵەتی عێراق، لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لەساڵی ١٩٢١ لەدەستەی دامەزرێنەری سوپای عێراق بووە لەشەشی یەکی ١٩٢١.

سلێمانی بەجێدەهێڵێ و خۆی دەگەیەنێتەوە بەغدا

سدیق ساڵح: لەکاتێکدا سوپای عێراق لەشەشی کانوونی دووەمی ١٩٢١دا دامەزراوە، ئەویش پەیوەندی بەو سوپایەوە کردووە بووە بەئەفسەر لەبەشی حەرەکاتدا، دواتر لەساڵی ١٩٢٢دا کە ئینگلیزەکان شێخ مەحمود لەهیندوستان ئەهێننەوە ئەویش یەکێک بووە لەو ئەفسەرانە ڕۆژی بیست ئەیلولی ١٩٢٢ بەیاوەری شێخ مەحمود لەبەغداوە جوڵاون بەرەو کفری و ڕۆژی ٢٥ی ئەیلولی ئەو ساڵە گەیشتونەتەوە سلێمانی، لەدووەم حکومەتی کوردستاندا بەسەرۆکایەتی شێخ مەحمود ئەو پلەیەی یاوەری حەزرەتی ملوکانەی دراوەتێ بەڵام زۆر لەم ئیشەدا نەماوەتەوە دیارە وەزعەکەی زۆر بەدڵ نەبووە، چونکە ئەوەندەی نەخایاندووە نێوانی شێخ مەحمود و ئینگلیزەکان تێکچووە، ئیتر لەدوادواییەکانی ئەو ساڵەدا بەهاوکاری حەپسەخانی نەقیب سلێمانی بەجێدەهێڵێ و خۆی دەگەیەنێتەوە بەغدا، مانگێک لەبەغدا بەندکراوە، دوایی لەکۆتایی ساڵی ١٩٢٢دا بەپلەی ڕائید واتە ڕەئیس ئەول لەسوپای عێراقدا وەرگیراوە، ئەو لەگەڵ ڕەحمەتی ئەمین زەکی بەگدا دووکەسایەتی بوون لەدامەزرێنەرانی مەدرەسەی سەربازی. ساڵانی ١٩٢٥بۆ ١٩٢٩بەرێوبەری ئەو قوتابخانە سەربازییە بووە، دواتر لە ٢٣ی ئابی ١٩٢٩دا بە ئیرادەی شاهانە پلەی سەربازییەکەی لەموقەدەمەوە بۆ عەقید ڕۆیشتووە، هەر ئەو ساڵەش نێردراوە بۆ شاری کەنتی نزیک لەندەن بۆ ئەوەی پەیوەندی بەکۆلێژی ئەفسەرە پایەبەرزەکانەوە بکات و لەوێ خولێکی تایبەتی دیوە، ساڵی ١٩٣٠و پێشتریش بەتایبەتی لە کوردستانی جنوبی و بەتایبەتی لەناوچەی سلێمانیدا جوڵانەوەیەکی نارەزایی دژی ئینگلیزەکان و حکومەتی عێراق بەرپابووە لەبەر ئەوەی لە پەیمانی ساڵی ١٩٣٠ لەنێوان کاربەدەستانی ئینگلیز و حکومەتی عێراقدا هیچ شتێکی تایبەت بەکوردی تێدا نەبووە، ئەو جوڵانەوەی نارەزایەتییە ئەگاتە ئەوەی کە هەیئەیەکی نیشتمانی لەسلێمانی دائەمەزرێ، بارودۆخەکە زۆر شلۆق و ئاڵۆزدەبێ، ئەوکاتە تۆفیق وەهبی بەکەسێکی شایەن دادەنرێ بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئەو دۆخە لە ٣٠ی نیسانی ١٩٣٠دا کراوە بەموتەسەریفی سلێمانی لەو وەزیفەیەدا ماوەتەوە دیارە وەزعەکە بەرەو ئەوە چووە بۆی کۆنترۆڵ نەکراوەو لە ٢٢ی ئابی ئەو ساڵەدا دەستی لەکار پێکێشراوەتەوە و لەسلێمانی دوورخراوەتەوە، ئیتر ئەویش لەوێ دڵگیر دەبێ و دەچێتە بەیروت و لەوێ بەیاننامەیەک سەبارەت بەکێشەی کورد بڵاودەکاتەوە، هەر لەوێ ماوەتەوە تا ساڵی ١٩٣٥و ساڵی ١٩٣٦ کراوە بە بەرێوبەری ئەشغاڵ لەیەکەم و دووەم وەزارەتی حەمدی پاچەچی کە لەنێوان حوزەیرانی ١٩٤٤تا کانونی یەکەمی ١٩٦٤وەزیری ئابووری بووە، لەسێیەم وەزارەتی تۆفیق سویدیدا کە لەشوبات تا ئەیلولی ١٩٥٠ی خایاندووە وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی بووە، لەوەزارەتەکەی ساڵح جەبردا لەمارتی ١٩٤٧تەوە تا کانونی ١٩٤٨وەزیری مەعاریف بووە، هەر ئەوساڵە نیشانی پێڕی مەدەنی ئیمبراتۆریەتی ئینگلیز وەکو فەرماندە و ڕابەرێک پێ بەخشراوە، و ئیرادەی شاهانەی بۆ دەرچووە کە ئەتوانی ئەو ئیشانە هەڵبگرێ، ساڵانی ١٩٤٨تا ١٩٥٠ ئەندامێکی ئەنجومەنێکی ئەعیانی عێراق بووە، دواتر شۆڕشی چواردەی تەموزی ١٩٥٨ هەڵگیرساوە ئەو کاتە ئەو بەسەفەرێک لەتورکیا دەبێ و ئیتر ناگەڕێتەوە بۆ عێراق.

لەبەر دووبەرەکی کوردەکان سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا

د. عەبدوڵڵا عەلیئاوایی: تۆفیق وەهبی لەگەڵ ئەدمۆنز کە ئەفسەرێکی بەریتانی بووە پەیوەندی زۆر زۆر بەهێزی هەبووە کە خاوەنی کتێبی کورد و تورک و عەرەبە، ئەو پەیوەندییە بەهێزە وای کردووە لەئایندەدا لەساڵی ١٩٦٦فەرهەنگێکی کوردی ئینگلیزی پێکەوە دانێن لەبەریتانیا، جگە لەوەی بەگشتی لەگەڵ بەریتانییەکاندا پەیوەندییەکی زۆر زۆر بەهێزی هەبووە و هەموو کاتێک ویستویەتی ئەو پەیوەندییە بەکار بهێنێ بۆ ئەوەی خزمەتی کوردی پێ بکات، بەڵام بەداخەوە لەبەر دووبەرەکی و سێ بەرەکی کوردەکان سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، تۆفیق وەهبی داخیلی هیچ کۆمەڵەیەکی سیاسی کوردی نەبووە، داخیلی پارتێکی سیاسی کورد نەبووە، جگە لەوەی تەنها داخلی پارتی نەتەوەیی شۆسیالیزم بووە، کە ئەویش ساڵح جەبر داینناوە، تۆفیق وەهبی جێگری ساڵح جەبر بووە، بەڵام هێندەی پێناچێ کە دەبینێ بیروباوەڕی ئەو حزبە لەئاستی نەتەوەکەیدا نییە بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرۆکی حزب کە ساڵح جەبرە، حەلی دەکات، واتە حزبەکە هەڵدەوەشێنێتەوە ئەوە کارێکی گرنگ بووە، تۆفیق وەهبی چەند جارێک پۆستی وەزارەتی لەعێراق و لەحکومەتەکانی عێراق وەرگرتووە، پۆستی وەزارەتی ئیشغاڵ و پۆستی وەزارەتی مەعاریفی وەرگرتووە، جگە لەوەش وەزیفەی دیکەشی بینیوەو لەهەموو وەزیفەکانی کە وەریگرتووە دڵسۆزبووە و ویستویەتی لەم ڕێگەیەوە خزمەتی نەتەوەکەی خۆی بکات.

سدیق ساڵح: بەداخەوە لێرەو لەوێ گوێمان لەبۆچوونی نادروستە دەبێ سەبارەت بە تۆفیق وەهبی هەیە گوایە پیاوی ئینگلیز بووە، بەداخەوە ئەو بۆچوونە کەم و زۆر نووسەران و ڕۆشنبیرانی سەدەی رابردوو دەگرێتەوە لەم پارچەیەی کوردستاندا، ئەوی بەکاروکردەوەکانی ئەو زاتانەدا بچێتەوە، بۆی دەردەکەوێ کە ئەم بۆچوونە زۆر نادروستەو هەوڵدانە ڕۆشنبیرییەکانی ئەو زاتانە لەبواری مێژوو وزمان و کەلەپوورو شوێنەوارو ڕۆژنامەوانی کوردیدا بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە، سەبارەت بەسەلماندنی ئەو ڕاستییەو بەراستی کورد بوون و خزمەتی میللەتەکەی خۆیان کردووەورێگەی خۆیان پێ ڕاست بووە، بەڵگەیەکی زۆرگرنگ بۆ سەلماندنی کوردایەتی تۆفیق وەهبی ئەو یاداشتەیە کە دوای شەڕی بەردەرکی سەرایە وەختێک لەموتەسەریفی سلێمانی لائەدرێ لەنۆزدەی نیسانی١٩٣١دا داوێتی بەسەرۆکی کۆ مسیۆ نی هەمیشەیی

تۆفیق وەهبی — شێخ مەحمود

ئینتیداب ولەکۆمەڵەی نەتەوەکان لەجنێف، لەو راپۆرتەدا کە بووە بەنوێنەری کۆمەڵێک رۆشنبیرومنوەرانی ئەو زەمانە، توانیوێتی لایەنە گرنگەکانی مەسەلەی کورد بخاتەڕوو وبیسەلمێنی کورد لەم پارچەیەی کوردستاندا حەقی خۆیەتی مافە نەتەوەییەکانی وەکو میللەتێک پارێزراو بێ، چونکە لەسەر ئەرزوئاوی خۆی دەژی وسەلمێندراوە کورد عەرەب نییە، کورد میللەتێکی جیاوازە پێویستە رێز لەزمان وشارستانێتی ورۆشنبیریی کوردی بگیرێ، کورد لەوڵاتی خۆیدا بەزمانی خۆی بخوێنێ وئەو دەسەڵاتەی بدرێتێ ناوچەکانی خۆی بەرێوەببات.

تۆفیق وەهبی لەڕووی پراکتیکەوە سیاسەتی نەئەکرد

د.مارف خەزنەدار: گەلێک کەس بیر لەتۆفیق وەهبی ئەکاتەوە وەکو سیاسییەک، ئەوەی راستی بێت تۆفیق وەهبی لەڕووی پراکتیکەوە سیاسەتی نەئەکرد، پراکتیک چییە، پراکتیک ئەوەیە کە تۆ بچیتە ناو حزبێک یاخود چەند بۆچوون و گفتوگۆی دیبلۆماسی و سیاسی بەشداری بکەیت، تۆفیق وەهبی ئەمەی نەبوو. تۆفیق وەهبی عەسکەری بوو، لەڕووی تیۆرییەوە بۆ ئەوەی لەبیرمان نەچێ تۆفیق وەهبی شارەزاییەکی زۆری لەزانستی سەربازییەوە هەبوو، لەسەرئەم بابەتە لەگەنجێتیدا نووسینی بەزمانی تورکی هەبووە، بەڵام دوایی خۆی پشتگوێی خستووە، نووسینەکانی هەموو پەیوەندی بەکوردەوە هەبووە، جا تۆفیق وەهبی کە هاتەوە ئێرە کۆلێژی سەربازی داناوە و خۆی یەکەم ئامیری بووە، لەسوپادا ماوەیەک عەقیدبووە. چەند جار من لێم بیستووە ئەیوت "من ئەو وەختەم پێخۆش بووە کە ئەبووم بەوەزیری مەعاریف، نەک وەزیری ئیقتیساد، نەک وەزارەتەکانی تر، چونکە لەوەزارەت زۆر بەشداربووە، بەڵام ئەو لایەنەی زیاتر پێخۆش بووە، ئەمە لایەک، لای دووەمی دەبینین یاسای لوغاتی محەلی، با بڵێین یاسای زمانانی ناوچەیی کە لەعێراقدا بەکارهاتووە و لەهەولێرو سلێمانی وکەرکوک قوتابخانە بەزمانی کوردی هەبوون، کتێبی کوردی لەعەرەبییەوە بێت یاخود دانان بێ ئامادەئەکرا، لەوشتانە هەمیشە پرسی پێئەکرا.

داوای حوکمڕانی بۆ کورد کردووە

د. عەبدوڵڵا عەلیئاویی: تۆفیق وەهبی لەلای ئینگلیزەکان زۆر زۆر خۆشەویست بووە، یەک لەو کەسانە بووە پێشنیاری ئەوەی کردووە حوکمڕانێکی کوردی دامەزری، بەڵام لەرێگای هەڵبژاردنەوە، کەواتە تۆفیق وەهبی یەکەمین کەس بووە داوای هەڵبژاردنی کردووە بۆ دروستکردنی کیانێکی کوردی، بەڵام ئەو کیانە لەگەڵ عێراقدا بێ. تۆفیق وەهبی یەک لەو ئەفسەران بووە لەساڵی ١٩٢٢لەگەڵ ئەمین رەواندزی و عەزیز قەزاز بەتەکلیفی ئینگلیز هاتبوونەوە لەگەڵ شێخ مەحمود حوکمڕانێک دابنێن، چونکە شێخ مەحمود نەفی کرابوو بۆ هێندوستان و لەگەڕانەوەی مەلیک فەیسەڵ لەگەڵ مەدوبی سامی لەوێ پێیان وت تۆ دەکەینە حوکمداری کوردستان، واتە حوکمیزاتی پێدەدەن، تۆفیق وەهبی و ئەو کۆمەڵە ئەفسەرەی لەگەڵ ناردەوە بۆ ئەوەی یارمەتی بدەن و دامەزراوەی مەدەنی بۆ حکومەتەکەی شێخ دابنێن، بەڵام جێگای داخە دەبینین ئەو کۆمەڵە ئەفسەرە بەتایبەتی تۆفیق وەهبی دەکەونە ڕکابەری لەگەڵ خەڵکانی دیکە، یاخود خەڵکانی دیکە ڕکابەری زۆریان دەکەن، چونکە ئەفسەرەکان و خەڵکانی دیکەی دەوروپشتی شێخ مەحمود دابەش بوون بۆ سێ جۆر، یەکەمینیان خەڵکانی نەخوێندەواربوون ئەوانە بەهیچ شتێک ڕازی نەدەبوون و هەمیشە هەوڵیان ئەدا بۆ خۆیان لەپێشەوە بن و شێخ مەحمود بەگوێی ئەوان بکات، چینی ئەفسەرەکانیش داوای سەربەخۆییان دەکردو دژی ئینگلیز بوون، واتە دەیانویست بەدەستی خۆیان سەربەخۆیی وەربگرن، بەڵام ئەوەش ئیمکان نەدەبوو، چونکە ئەو کاتە کوردستان ئەو ژێرخانە بەهێزەی نەبووە تاوەکو بتوانێ لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ، چینی سێیەم ئەوانە بوون کە داوای ئەوەیان دەکرد حوکمڕانی عوسمانییەکان بگەڕێنەوە. ئەوانە کاریگەری فیکری تورکی وئەفکاری ئیسلامییان لەسەربوو، ئەگەرچی ئیسلام لەگەڵ ئەوەدایەهەموو نەتەوەیەک مافی خۆیان وەربگرێ، بەڵام ئەوانە بەباشی لە ئیسلام نەگەیشتبوون، تۆفیق وەهبی جیا لەهەموو ئەوانە داوای ئەوەی دەکرد دەبێ کورد هاوکارییەکی تەواوی ئینگلیز بکات، چونکە ئینگلیز ئەمڕۆ بالادەستە لەعێراق، واتە بەپاڵپشتی ئینگلیز ئێمە دەتوانین شتێک بەدەست بهێنین، بەداخەوە ئەو بۆچوونانەی تۆفیق وەهبی پشتگوێ خرا، دەتوانم بڵێم ئێستاش، پاش نەوەت ساڵ ئێمە گەڕاینەوە سەر بۆچوونەکەی تۆفیق وەهبی کە ئەوکاتە دەیگوت" دەوڵەتێکی زلهێزی وەک بەریتانیا نەبێ قەت ناگەینە ئامانجەکانی خۆمان." ئێستاش دەبینین ئێمە ئەگەر ئەو دەوڵەتە زلهێزانە نەبوایە خەتی سی و شەشمان بۆ دانەدەمەزرا و نەئەپارێزراین، ئەو کیانی فیدراڵییەی لەئایندەدا بەدەستی دەهێنین دەستوری عێراقی تەسبیتی دەکات، ئەوانە هەموو بیرۆکەی تۆفیق وەهبین، واتە من دەتوانم لێرەدا بڵێم تۆفیق وەهبی یەکەمین دیبلۆماسی کورد بووە لەچەرخی بیستەم داوای هاوکاری لەو دەوڵەتانەکردووە، جگە لەو شەریف پاشاش داوای ئەوشتانەی کردووە، بەڵام ئەو بۆ هەموو کوردستانی داوا دەکرد.

دەورێکی کارای هەبووە لەبزافی ڕۆشنبیریی کوردیدا

یەکێک لەو کەسایەتییە ناسراو و ناودارانەی گەلەکەمان کە لەسەرەتای سەدەی بیستم و لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم دەوری کاراو کاریگەری لەناو بزافی ڕۆشنبیری و نەتەوەییدا بینیوە مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگە، ئەم زاتە وەک زاناو نووسەرێکی هەڵکەوتووی سەردەمەکەی خۆی لەچەندین بواری جیاوازدا توانیوێتی بەشاکارە پوختەکانی رووناکی بخاتە سەر هەندێک لایەنی گرنگی کەلتوری و زمانەوانی ومێژوویی. تۆفیق وەهبی بەگ خۆیان سەرییەخۆیی وەربگرن، بەڵام ئەوەش ئیمکان نەدەبوو، چونکە ئەو کاتە کوردستان ئەو ژێرخانە بەهێزەی نەبووە تاوەکو بتوانێ لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ، چینی سێیەم ئەوانە بوون کە داوای ئەوەیان دەکرد حوکمڕانی عوسمانییەکان بگەڕێنەوە. ئەوانە کاریگەری فیکری تورکی وئەفکاری ئیسلامییان لەسەربوو، ئەگەرچی ئیسلام لەگەڵ ئەوەدایەهەموو نەتەوەیەک مافی خۆیان وەربگرێ، بەڵام ئەوانە بەباشی لە ئیسلام نەگەیشتبوون، تۆفیق وەهبی جیا لەهەموو ئەوانە داوای ئەوەی دەکرد دەبێ کورد هاوکارییەکی تەواوی ئینگلیز بکات، چونکە ئینگلیز ئەمڕۆ بالادەستە لەعێراق، واتە بەپاڵپشتی ئینگلیز ئێمە دەتوانین شتێک بەدەست بهێنین، بەداخەوە ئەو بۆچوونانەی تۆفیق وەهبی پشتگوێ خرا، دەتوانم بڵێم ئێستاش، پاش نەوەت ساڵ ئێمە گەڕاینەوە سەر بۆچوونەکەی تۆفیق وەهبی کە ئەوکاتە دەیگوت" دەوڵەتێکی زلهێزی وەک بەریتانیا نەبێ قەت ناگەینە ئامانجەکانی خۆمان." ئێستاش دەبینین ئێمە ئەگەر ئەو دەوڵەتە زلهێزانە نەبوایە خەتی سی و شەشمان بۆ دانەدەمەزرا و نەئەپارێزراین، ئەو کیانی فیدراڵییەی لەئایندەدا بەدەستی دەهێنین دەستوری عێراقی تەسبیتی دەکات، ئەوانە هەموو بیرۆکەی تۆفیق وەهبین، واتە من دەتوانم لێرەدا بڵێم تۆفیق وەهبی یەکەمین دیبلۆماسی کورد بووە لەچەرخی بیستەم داوای هاوکاری لەو دەوڵەتانەکردووە، جگە لەو شەریف پاشاش داوای ئەوشتانەی کردووە، بەڵام ئەو بۆ هەموو کوردستانی داوا دەکرد.

دەورێکی کارای هەبووە لەبزافی ڕۆشنبیریی کوردیدا

یەکێک لەو کەسایەتییە ناسراو و ناودارانەی گەلەکەمان کە لەسەرەتای سەدەی بیستم و لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم دەوری کاراو کاریگەری لەناو بزافی ڕۆشنبیری و نەتەوەییدا بینیوە مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگە، ئەم زاتە وەک زاناو نووسەرێکی هەڵکەوتووی سەردەمەکەی خۆی لەچەندین بواری جیاوازدا توانیوێتی بەشاکارە پوختەکانی رووناکی بخاتە سەر هەندێک لایەنی گرنگی کەلتوری و زمانەوانی ومێژوویی. تۆفیق وەهبی بەگ سەرەتا بەژیانی سەربازی وخوێندنی لەو بوارەدا هەتا وەدەستهێنانی چەندین پلەی ئەفسەری گەورەو پاشان وەرگرتنی پۆستی وزاری وبوونە وەزیری حکومەتی ئەو دەمەی حوکمڕانی عێراق ودواتریش هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەو نووسینی چەندین نووسراوی مێژووی وزمانەوانی توانی شارایەک لەخەبات و خزمەت کردن پێشکەش بەنەتەوەکەی بکات، تێکۆشانی تۆفیق وەهبی بەگ بەبەردی بناغەی ئەو هەوڵانە دادەنرێ کە تا ئێستاش خەباتی بۆ دەکرێ، ئەو دەمەی ئەم زانا گەورەیە بیری لەزمان ورێزمان ورێنووسی کوردی دەکردەوە یان لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون لەسەر شوێنەوارەدێرین ومێژوویەکان دەکرد. هەر ئەوکاتە بەهۆی دواکەوتوویی ونەخوێندەواری و پارچەچارچەبوونی کوردستان وهەموو بنەماکانی زمانی کوردی و رابردوومان لەکەناری لەناوچووندا بوون، ئەو کاتێ لەسیاسەتی سەردەم وزلهێزەکان تێگەیشت ئیتر هەوڵیدا بیری ستراتیژی رزگاربوونی نەتەوەیی ونەخشەی ئایندەی هاوپەیمانی لەگەڵ وڵاتانی بەهێزدا بەئاقارێکی وەهادا بەرێ قازانج وبەرژەوەندی گەلەکەمانی تێدا بێ، بەڵام مخابن تێگەیشتنی ئەو دیدو بۆچوونانە لەو قۆناغە مێژوویەدا لای زۆرکەس سەخت ودژواربوو، مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ کاتێک لێکۆڵینەوەی لەسەر ئاری نەژادەکان وئاینەکۆنەکانی گەلی کورد دەکرد هەر ئەوکات دەیویست بیسەلمێنێ کە گەلی ئێمەکۆنترین گەلی ناوچەکەیەو ڕەگ وریشەی قوڵی هەیە. ئەم زانا گەورەیە لەناو مێژووی سەدەی بیستەم دا لەخانەی ئەو کەسایەتییە ناسراوانەیە کە رۆڵی بەرچاو و دیاریان هەیە، ئەو تا مرد بۆکورد ژیاو تا لەژیانیشدا بوو دژی دواکەوتوویی بوو، بۆ سەرکەوتنی نەتەوەکەی دەجەنگا.

د. مارف خەزنەدار: ئەوەی راستی بێت پەیوەندی من لەگەڵ تۆفیق وەهبی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساڵەی قوتابی بووم لەپۆلی پێنجەمی ئامادەیی، سێ و چوار وتارم لەرۆژنامەی هەولێر نووسی، ئەو رۆژنامەیەی یەکێتی مامۆستایان بەزمانی کوردی و عەرەبی دەریدەکرد، هەرچۆنێک بێت وتارو رۆژنامەکان کەوتبوونە دەست تۆفیق وەهبی، ئیتر پرسیاری منی کردبوو، پێیان گوتبوو قوتابی پۆلی پێنجە، لەو ماوەیەدا هیچم بۆ نەکرا تا دەرچووم، واتە بەکەلۆریای پێنجم تەواو کرد، لەبەرهەر هۆیەک بێت نەمتوانی دەست بەخوێندن بکەم، ئەمە ساڵی ١٩٥١، بەناچاری لەوەزارەتی زانیاری وەزیفەیەکی بچوکم وەرگرت، ئیتر لەهەولێرەوە منیان نەقڵ کرد بۆ کوت، نەقڵی ئیداری، واتە وەکو بڵێی دوورخستنەوەیەک بوو بەئەنواعی بڕوبیانووی سیاسەت وکوردایەتی، بۆ زانیاریت ئەو رۆژانەی من لەهیچ حزبێک نەبووم و ئێستاش لەهیچ حزبێک نیم، وام بۆ رێککەوت دوای ساڵێک مانەوە لەکوت هاتمەوە بەغدا، لەبەغدا بووم بەقوتابی کۆلێژی ئەدەبیاتی کۆنی بەغداو لەبەغدا دانیشتم، لەو ماویەدا بەهۆی خوالێخۆش بوو جەمیلی رۆژبەیانییەوە، کە ئێوارەیەک هاتە لام و وتی تۆفیق وەهبی ئەحواڵت دەپرسێ، بۆ رۆژی دووەم لەگەڵ مەلا جەمیل رۆژبەیانی چووین بۆ ماڵی تۆفیق وەهبی لە وەزیرییە، ئەمە لەپاییزی ساڵی ١٩٥٣دابوو. پێش ئەوەی خۆی ببینم ماڵەکە جۆرە ئینتیباعێکی دایە من کە رێز لەو پیاوە بنێم، هۆڵێکی گەورە هەمووی کتێب بوو، کابرایەکی بەساڵاچوو، قژی سپی و جوان بوو، لێی تێدا بێ، بەڵام مخابن تێگەیشتنی ئەو دیدو بۆچوونانە لەو قۆناغە مێژوویەدا لای زۆرکەس سەخت ودژواربوو، مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ کاتێک لێکۆڵینەوەی لەسەر ئاری نەژادەکان وئاینەکۆنەکانی گەلی کورد دەکرد هەر ئەوکات دەیویست بیسەلمێنێ کە گەلی ئێمەکۆنترین گەلی ناوچەکەیەو ڕەگ وریشەی قوڵی هەیە. ئەم زانا گەورەیە لەناو مێژووی سەدەی بیستەم دا لەخانەی ئەو کەسایەتییە ناسراوانەیە کە رۆڵی بەرچاو و دیاریان هەیە، ئەو تا مرد بۆکورد ژیاو تا لەژیانیشدا بوو دژی دواکەوتوویی بوو، بۆ سەرکەوتنی نەتەوەکەی دەجەنگا.

د. مارف خەزنەدار: ئەوەی راستی بێت پەیوەندی من لەگەڵ تۆفیق وەهبی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساڵەی قوتابی بووم لەپۆلی پێنجەمی ئامادەیی، سێ و چوار وتارم لەرۆژنامەی هەولێر نووسی، ئەو رۆژنامەیەی یەکێتی مامۆستایان بەزمانی کوردی و عەرەبی دەریدەکرد، هەرچۆنێک بێت وتارو رۆژنامەکان کەوتبوونە دەست تۆفیق وەهبی، ئیتر پرسیاری منی کردبوو، پێیان گوتبوو قوتابی پۆلی پێنجە، لەو ئەهات کە ئەمە ژەنەڕاڵ بووبێ لەسوپای عوسمانی و دوایی لەسوپای عێراقدا، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا ئەو چووبوە دڵی منەوە و رەنگە منیش چووبمە دڵی ئەوەوە، چونکە پێش ئەوەی خوا حافیزی لێبکەین وتی ئێرە ماڵی خۆتە، نەک بۆ بینینی من، بەڵکە ئەتوانی بێی لێرە دابنیشی و سەعی و کۆششی خۆشت بکەیت، ژمارەی تەلەفونی دامێ و وتی بۆتۆ کراوەیە، ژمارەی تەلەفونەکەش بۆ ئەوەیە من لێرەبم یان نا، تۆ تەلەفون بکە بۆ ئەوەی دەرگات لێ بکەنەوە و بێیت لێرە دابنیشی، بەراستی ئەم قسەیەی هێنایە دی، ماوەی خوێندنی چوار ساڵ لەکۆلێژی ئەدەبیات وەکو لەیاداشتەکانیشمدا نووسیومەو هێشتا بڵاونەکراوەتەوەو نووسیومە من لەو چوار ساڵەدا لە دوو ئامۆژگا، لەدوو سەنتەری خوێندەواری ڕۆشنبیریی شەهادەم وەرگرتووە، یەکێکیان کۆلێژی ئەدەبیاتی بەغدا بەشی عەرەبی، دووەمیان کە رەنگە لەویش گرنگ تر بێت نامەخانەی یاخودمەکتەبەی تۆفیق وەهبی لەگەرەکی وەزیرییە لەبەغدا.

حەپسە خانی نەقیب

ئاسیا خان

ساڵح جەبر

پورداود



مینۆرسکی

ئەدمۆندز

نەوشیروان فوئاد مەستی: خێزانی تۆفیق وەهبی، هاوسەرەکەی کە بەنەماڵە کوردن، ژنێکی زۆر بەتوانا و لێهاتوو بوو، هاوکاریی تۆفیق وەهبی دەکرد، لەهەمان کاتدا خۆشی لەساڵی ١٩٤٥دا بوو بەسەرۆکی ژنانی عێراق کە ئەو وەختە پێیان دەوت ئیتیحاد نیساو عیراقی تا ساڵی ١٩٥٨ئاسیاخانی خێزانی تۆفیق وەهبی سەرۆکی ژنانی یەکگرتووی عێراق بوو.

د.مارف خەزنەدار: تۆفیق وەهبی خێزانەکەی چوار نەفەربوون خۆی وخێزانی (ئاسیاخان) بیست بووم خەڵکی رێزەن، رێزە شارێکە لەسەر زەریای ڕەشی تورکیا، کوردیش نزیکە لەو ناوچانەو برای عەبدولجەبار رێزەلییە، دکتۆرێکی مەشهور بوو، تەبیب بوو، خەریجی فەرەنسا بوو، لەمومپلییە دەرچوو بوو. ئەمە لەبابەت خێزانییەوە، دووکوڕی هەبوو کچی نەبوو، کوڕەکانی گەورەکەیان سزا ئەمەیان لێرە توبی تەواو کرد، ئێستا لەلەندەنە تەبیبە، سزا لەتەمەنی منداییە، سروش بچووکترە ئەویش ئێستا لە لەندەنە مۆسیقارە، نەک هەر مۆسیقار، مامۆستای مۆسیقایە و تەئلیفاتی هەیە دەشینووسی، ئینجا سەیرەکە ئەوە بوو، لەماڵەوە بە عەرەبی قسەی لەگەڵیان ئەکرد، بۆیە من باسی ئەم عەرەبییەم کرد، تۆفیق وەهبی عەرەبییەکەی باش نەبوو، ئەوەندە لەناو عەرەبیش ژیابوو، بەڵێ قسەی ئەکرد، بەڵام کە قسەی ئەکرد ئەتزانی ئەمە بێگانەیەو فێری عەرەبی بوو، کوردییەکەی فاخیر بوو، تورکییەکەی و فارسییەکەی ئەو زمانانەی باش دەزانی.

بەیارمەتی حەبسەخانی نەقیب چووەتەوە بەغدا

هیوا حەمید شەریف: ئێمە ناتوانین بگەینە ڕاستییەکی ئەوتۆ ئەگەر بێتو بیروباوەڕی تۆفیق وەهبی نەناسین، چونکە بیروباوەرەی تۆفیق وەهبی ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر هەموو هەڵوێستە سیاسی و ئیشوکارەکانی، تۆفیق وەهبی فیکرەیەکی تایبەتی هەبووە، یەعنی فیکرەی ئەو جیابووە لەگەڵ ئەو کەسایەتییە ڕۆشنبیرو خۆی وەکو یەک لەگێڕانەوەکانی کە بۆ محەمەد رەسوڵ هاوار باسی دەکات، ئەوەیە ئەوان هاتونەتەوە ئینگلیز شتێک بکات بۆ کورد، واتە بەو نییەتەبووە، حکومەتێک وەک حکومەتەکەی بەغدا بۆ کوردەکان دروست بکات، ئەوە پاڵنەری یەکەم بووە بۆ هاتنەوەکەی و ئەوە جگە لەوەش خۆشیان حەزیان لەوە بووە خزمەت بە نەتەوەکەی خۆیان بکەن، بەڵام دوایی بۆیان دەرکەوتووە ئینگلیز ئەو کارە ناباتەسەر، لەلایەکی تریشەوە شێخ مەحمود لەتورکەکان نزیکبووەتەوە، جگە لەوە دەبینین ئەو کەسانەی لەچوار دەورەی شێخ مەحمودبوون لەگەڵ منەوەرو ڕۆشنبیرەکانی ئەوسەردەمە دژایەتییەک لەنێوانیان پەیدا دەبێ. واتە ئەو سێ خاڵە هۆکاری دوورکەوتنەوەی تۆفیق وەهبین، چونکە تۆفیق وەهبی لەکاتی یەکەم ڕۆژی هێرشکردنی ئینگلیزەکان بۆ سەر سلێمانی دوورکەوتوەتەوە، وەکو باسیشمان کرد ئەو باوەری بەجەنگ نەبووە، هەرچەندە ئەفەسەربووە، لەبەر ئەوەی واقیعبین بوو، ئەو بەحوکمی ئەوەی لەناو سوپای عوسمانی بووە، خیبرەیەکی عەسکەری ئەوە دەشینووسی، ئینجا سەیرەکە ئەوە بوو، لەماڵەوە بە عەرەبی قسەی لەگەڵیان ئەکرد، بۆیە من باسی ئەم عەرەبییەم کرد، تۆفیق وەهبی عەرەبییەکەی باش نەبوو، ئەوەندە لەناو عەرەبیش ژیابوو، بەڵێ قسەی ئەکرد، بەڵام کە قسەی ئەکرد ئەتزانی ئەمە بێگانەیەو فێری عەرەبی بوو، کوردییەکەی فاخیر بوو، تورکییەکەی و فارسییەکەی ئەو زمانانەی باش دەزانی.

بەیارمەتی حەبسەخانی نەقیب چووەتەوە بەغدا

هیوا حەمید شەریف: ئێمە ناتوانین بگەینە ڕاستییەکی ئەوتۆ ئەگەر بێتو بیروباوەڕی تۆفیق وەهبی نەناسین، چونکە بیروباوەرەی تۆفیق وەهبی ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر هەموو هەڵوێستە سیاسی و ئیشوکارەکانی، تۆفیق وەهبی فیکرەیەکی تایبەتی هەبووە، یەعنی فیکرەی ئەو جیابووە لەگەڵ ئەو کەسایەتییە ڕۆشنبیرو خۆی وەکو یەک لەگێڕانەوەکانی کە بۆ محەمەد رەسوڵ هاوار باسی دەکات، ئەوەیە ئەوان هاتونەتەوە ئینگلیز شتێک بکات بۆ کورد، واتە بەو نییەتەبووە، حکومەتێک وەک حکومەتەکەی بەغدا بۆ کوردەکان دروست بکات، ئەوە پاڵنەری یەکەم بووە بۆ هاتنەوەکەی و ئەوە جگە لەوەش خۆشیان حەزیان لەوە بووە خزمەت بە نەتەوەکەی خۆیان بکەن، بەڵام دوایی بۆیان دەرکەوتووە ئینگلیز ئەو کارە ناباتەسەر، لەلایەکی تریشەوە شێخ مەحمود لەتورکەکان نزیکبووەتەوە، جگە لەوە دەبینین ئەو کەسانەی لەچوار دەورەی شێخ مەحمودبوون لەگەڵ منەوەرو ڕۆشنبیرەکانی ئەوسەردەمە دژایەتییەک لەنێوانیان پەیدا دەبێ. واتە ئەو سێ خاڵە هۆکاری دوورکەوتنەوەی تۆفیق وەهبین، چونکە تۆفیق وەهبی لەکاتی یەکەم ڕۆژی هێرشکردنی ئینگلیزەکان بۆ سەر سلێمانی دوورکەوتوەتەوە، وەکو باسیشمان کرد ئەو باوەری بەجەنگ نەبووە، هەرچەندە ئەفەسەربووە، لەبەر ئەوەی واقیعبین بوو، ئەو بەحوکمی ئەوەی لەناو سوپای عوسمانی بووە، هەستی بەوە کردبوو کە مەسەلەی شەڕ بەتایبەتی بەرانبەر بەدەوڵەتێکی گەورەی وەکو ئینگلیز کە بەهێزترین و پتەوترین دەوڵەت حیسابکراوە لەسەرئاستی جیهان، واتە شتێکی بێهودەیە لەبەر ئەوانە شەڕبکەیت، بۆیە کشاوەتەوە لەجوڵانەوەکە و بەیارمەتی حەبسەخانی نەقیب چووەتەوە بەغدا، پاش ئەوە ئیتر دەبینین پەیوەندییەکی وەهای نامێنێ لەگەڵ شێخ مەحمود، تاوەکو ساڵی سییەکان، بەڵام چونکە پەیوەندییەکەی ئەوان لەسەرەتاوە لەسەر ئەساسی فیکرە لەیەک دابڕاون، دوایی زۆر بەئاسانی پەیوەندییەکەیان خۆش بووەتەوە. ئەحمەد خواجە باسی دەکات کە چەند جار شێخ مەحمودی دیوە لەماڵی تۆفیق وەهبی، شێخ مەحمودیش لەبەغدا دەستبەسەر بووە، ماڵی تۆفیق وەهبیش لەبەغدابووە، پاشانیش زۆربەی ئەو بەرێزانە باسی تۆفیق وەهبیان کردووەو لەگەڵی ژیاون دەڵێن هەمیشە بەرێزەوە باسی شێخ مەحمودی کردووە، دیارە شێخ مەحمودیش دوای شکستی شۆڕشەکان هەستی بەوە کردووە مەسەلەی شەڕ لەگەڵ دەوڵەتێکی ئاوها بێهودەیەوئەنجامی نییە. کە حزبی ئومەی ئیشتراکی دامەزرا تۆفیق وەهبی یەکەم جار کە چووەتە ناو پارتێک، چووەتە ناو ئەو پارتەوە، لەسەرەتاپای ژیانی نەچووەتە ناو هیچ پارتێکی نەکوردی و نەعەرەبی تەنها ئەو پارتە کە بەسەرۆکایەتی ساڵح جەبر بوو. کاتێ گەڕاوەتەوە سلێمانی جارێکیان شێخ مەحمود پێشوازی لێکردووە و پاشانیش لەکاتی نەخۆشکەوتنی شێخ مەحمود لەخەستەخانەی حەیدەرییە وەک مارف خەزنەدار باسی دەکات ڕۆژانە سەردانی شێخ مەحمودی کردووە، واتە پەیوەندییەکە هەر لەسەرەتا خراپ بووە ئەویش بەهۆی ئەو بیروباوەڕە جیاوازەوە بووە کە هەیان بووە، بەڵام پاشان دیارە پەیوەندییەکی زۆر خۆش لەنێوانیاندا هەبووە.

ئەدمۆندز دوو ڕووی هەبووە

د.مارف خەزنەدار: تۆفیق وەهبی نەیدەویست وەک سوپاییەک خۆی بخاتە ڕوو، نەیدەویست وەک سیاسییەکی پراکتیکی ڕۆژانە خۆی بخاتە ڕوو، بەڵکو هەوڵی دەدا وەک ڕۆشنبیرێکی کورد بناسرێ، ئەگەرچی لەژیانیشیدا زۆری شانازی بەوەوە دەکرد کە سوپاییە، ئەگەر تەماشای هەندێک لەکتێبەکانی بکەیت هەتا ئەو کتێبەی قەواعیدی زمانی کوردی دەبینین ئەنووسێ کۆلۆنێل لەسوپای عێراقی، لەوەختێکدا ئەو بووبووە وەزیر، لەوەزیریش گەورەتر بووبە عەین لەپەرلەمانی عێراقیدا، عەین مەلیک خۆی دایاندەمەزرێنێ، نواب، نائیبەکان بەهەڵبژاردنە، بەڵام ئەوی تر مەلیک خۆی تەعینیان دەکات و تامردن سیاسییانەی ئەو سەردەمە، زۆر لەسەر بیروباوەڕی ئەو نووسراوە بەشێوەیەکی ناڕاست و نادروست، بۆیە لێرەدا پێویستە ئاماژە بکەین، بیروباوەڕی ئەو لیبرالی و دیموکراتی بوو، سەرەڕای ئەوەی خۆی ئەفسەری سەربازی بووە و دەرچووی کۆلێژی سەربازی بووە، بەڵام ئەو بەهیچ شێوەیەک باوەڕی بەسەربازی نەبووە، واتە ئەو قسەیەکی گرنگی هەبووە کە هەمیشە وتویەتییەوە ئایدۆلۆژیاو چەک چارەسەری کێشەکان ناکەن، پەیوەندییەکانی تۆفیق وەهبی لەسەر ئەو فیکرەیە دامەزراوە و چەسپیوە. سەبارەت بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ شێخ مەحمود لەسەرەتای گەڕانەوەی لەدەوڵەتی عوسمانی ئەوکاتەی ئەو هاتەوە شۆڕشی یەکەمی شێخ مەحمود کۆتایی پێهاتبوو، لەگەڵ هاتنەوەی شێخ مەحمود لەهێندوستان، ئەو وەکو یەکێ لەو کۆمەڵە ئەفسەرانە گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی بۆ هاوکاری کردنی شێخ مەحمود، بەڵام لێرەدا درزێک، دووریەک پەیدابوو، ئەویش ئەوەیە کە باسمان کرد، فیکرەی تۆفیق وەهبی کە

لەو وەزیفەیەدا دەمێننەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لەکتێبەکانیدا دەینووسی کۆلۆنێل تۆفیق وەهبی، تۆفیق وەهبی سێ کەسی بیانی رۆژهەڵاتناسی زۆر خۆشدەویست وبەزانای گەورەی دادەنان، یەکەمیان مینۆرسکی روس، دووەمیان پـوردادودی ئێران، سێیەمیان ئەدمۆنز، جا من دەمەوێت لێرەدا هەندێک شت ڕوون بکەمەوە، زۆرم پێناخۆشە ناوی ئەدمۆنز وەک خائینی کورد، ئەوە ڕاست نییەو جوانیش نییە، ئەدمۆنز دووڕووی هەیە، ڕوویەکیان هیجگار بەرزە، ئەوەی بۆ کوردی کـردووە، ڕووکەی تری ئەمە موستەشاربووە، ئەفسەرێکی گەورەی ئینگلیزبووە و لەکۆنی کۆنەوە لەگەڵ داگیرکەر هاتووەتە ئێرە کە حکومەتی عێراق دروسـت بـووە بـووە بەڕاوێژکار لـەوەزارەتـی ناوخۆ هەتا پاش جەنگ، دوای جەنگ گەڕاوەتەوە ئەمە لایەنێکی، لایەنەکەی تری ئەدمۆنز زانابووە، زانای زمـانـەوانـی ومـێـژوو، یەکەمین کەسە بیبلۆگرافیای کوردی نووسیوە، لەساڵی ١٩٣٠ئـەو کتێب وکەرەسانەی لەبابەت کوردەوە نووسراونەتەوە، بەهەر زمانێک بـێـت، لـەگـۆڤـارەکـەی خـۆیـان بـڵاوی کردوەتەوە، ڕۆژهەڵات ناسێکە کتێبێکی هەیە کوردو تورک وعەرەب، ئەمە لەڕووی زانستییەوە کتێبێکی زۆر سەرکەوتووە، لەهیچ کتێبێکی ئـەورووپـاییـان ئێمە چـاوەڕوانـی ئـەوە ناکەین لەسەدا سەد ئەوەی ئێمە ئەمانەوێت وابێ، ئەو نەزرەی قەومی وەکو ئێمە نەبووە، ئێمە لەدایکو باوکمانەوە واپەروەردە کراوین کە هەوڵ بدەین وکۆشش بکەین وتاخوێنیشمان بڕێژین بۆکوردستانی سەربەخۆ، ئەو ئیعترافت پێدەکات وئەڵێ تۆ هەیت، ئەبێ حقوقت بدرێتێ، خۆ ئـەو مافە وەکـو ئـەوەی من نییە، جۆرێکی ترە، ئەو لەزەمانی مەلیک پـرۆژەی زانکۆی سەڵاحەدینی هەبوو، ئەو زانکۆیەی هەولێر نا ئەوەی دوایی دانرا، ئەو زانکۆ ئەهلیە ئەوداینا، کە بارەگاکەی لەپیرمام بێت، کۆلێژێک دووکۆلێژ لـەوێ بێت ئەوانی تر دابـەش بکرێن، کۆلێژێک لەهەولێر ویـەک لەکەرکوک ویـەک لەسلێمانی، لەگەڵ دەوڵەمەندانی کورد پێکهاتبوون دوایی پرۆژەکە سەری نەگرت مەسەلەی چواردەی تەموز لەئارادابوو، لەپاشان کە گەڕایەوە بەریتانیا لەوێ خانەنشین بوو، کاتێ کە تۆفیق وەهبی چووەتە ئەوێ یارمەتی تۆفیق وەهبی داواەو ئیشی لەگەڵ کردووەوچاکترین فەرهەنگی دانا گەرچی بچووکە و زۆر گشتی نییە، بەڵام چاکترین فەرهەنگ نووسرابێتەوە ئەو فەرهەنگەیە کە تۆفیق وەهبی و ئەدمۆنز دایانناوە، بۆیە ناپاکی لەگەڵ کورد نەکردووە و ئەو قسەباشانەو ئەوکردەوە باشانەی بۆ کوردی کردووە منیش بوومایە ئەبووم بەدۆست و هاوڕێی، تۆفیق وەهبی موجامەلەی نەئەزانی، ئەو سێ کەسەی باسم کرد نەتیجەی خوێندنەوەی کتێب وکارەکانیان، شانازی پێیانەوە ئەکردو بەزانای گەورە لەقەڵەمی ئەدان.

د. عەبدوڵڵا عەلیئاوایی: تۆفیق وەهبی زیاتر وەک زمانەوان ناسراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین مێژووی فەرامۆش نەکردووەو لەوبوارەوە زۆری نووسیوە بۆ نموونە کتێبێکی هەیە لەساڵی ١٩٥٧ چاپکراوە، کە باسی بەهرام گوڕ دەکات و کتێبێکی تری نووسیوە بەناوی سفرە من دربندبازیان الی تاسولجە، لەو کتێبەدا باسی ئەوە دەکات ئاشووریەکان چـۆن هێرشیان کـردووەتـە سـەر ئەو ناوچانەو باسی شەڕی نادر پاشاو تۆباڵ عوسمان پاشادەکات وباسی ئەوە دەکات عوسمانییەکان سەرکەوتنیان بەدەست ئەبووم بەدۆست و هاوڕێی، تۆفیق وەهبی موجامەلەی نەئەزانی، ئەو سێ کەسەی باسم کرد نەتیجەی خوێندنەوەی کتێب وکارەکانیان، شانازی پێیانەوە ئەکردو بەزانای گەورە لەقەڵەمی ئەدان.

د. عەبدوڵڵا عەلیئاوایی: تۆفیق وەهبی زیاتر وەک زمانەوان ناسراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین مێژووی فەرامۆش نەکردووەو لەوبوارەوە زۆری نووسیوە بۆ نموونە کتێبێکی هەیە لەساڵی ١٩٥٧ چاپکراوە، کە باسی بەهرام گوڕ دەکات و کتێبێکی تری نووسیوە بەناوی سفرە من دربندبازیان الی تاسولجە، لەو کتێبەدا باسی ئەوە دەکات ئاشووریەکان چـۆن هێرشیان کـردووەتـە سـەر ئەو ناوچانەو باسی شەڕی نادر پاشاو تۆباڵ عوسمان پاشادەکات وباسی ئەوە دەکات عوسمانییەکان سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە و عەبدولرەحمان پاشای بابان لەگەڵ عوسمانییەکان لەناوچەی کەرکوک بەشەڕ هـاتـوون، باسی شـەڕی بـەردە قارەمان دەکات کە لەدەربەندی بازیان لەنێوان شێخ مەحمودو ئینگلیز ڕوویداوە، زۆر بەجوانی باسی ئەوانە دەکات، جگە لەکتێب چاپکردن دەبینین تۆفیق وەهبی لەڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا نووسینی هەیە لەوانە گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراقی لەساڵی ١٩٥٠ بابەتی هەیە لەسەر بەغدا، ناوی بەغدا شیدەکاتەوە. هەر لەهەمان گۆڤار لەساڵی ١٩٥٦ بابەتێکی نووسیوە دەربـارەی ئاڵتوون کۆپری واتە پردی زێرینی دەڵـێ ئـەوە لە ئاڵتوون سۆوە هاتووە، واتە ئاوی زێرینە. ئەوەشمان لەیاد نەچێت تۆفیق وەهبی لەدەستەی دامەزرێنەری کۆڕی زانیاری عێراق بووە لەساڵی ١٩٤٨ و هەرئەوەش بوو کۆڕی زانیاری عێراق لەساڵی ١٩٧٠ لەعێراق دامـەزراو کردیانە ئەندامێکی فەخری لـەو کـۆڕە. تۆفیق وەهبی لەگۆڤاری کاتب لەساڵی ١٩٥٨ وتارێکی نووسیوە لەسەرشوێنە ئەسەرییەکانی کوردستان، لەگۆڤاری گەلاوێژیش لەساڵی ١٩٤١ لەبابەتێکدا بەدوورودرێژی باسی خێزانی پادشای ئینگلتەرا دەکـات. جگە لەوە تۆفیق وەهـبـی هەندێک مەختوتاتی مێژوویشی بـۆ ئێمە بەجێهێشتووە ئەوانەش کەماوەتەوە هەندێک لەوانە خوالێخۆشبوو مەلاجەمیل ڕۆژبەیانی بـۆی چـاپـکـردوون بـاسـی کۆمەڵێک بابەت دەکـات، جگە لـەوەش مامۆستا عەزیزگەردیش چەند بابەتێکی لەسەر ئەو دەستنووسانە بڵاوکردوەتەوە، یەک لەو دەستنووسانە لەسەر ئەوەیە ئایە کاردۆ ناوی بابەگەورەی کورد نییە؟ بابەتێکی تر لەسەر کوردکێن؟ لەڕۆژنامەکانیشدا دەوری باڵای هەبووەو کۆمەڵێک وتاری نـاردووە بۆ ڕۆژنامەی تەئەخی لەسەر نـاوچـەی شـــارەزوور و سـەرچـنـار و پیرەمەگروون، بەڵام بەداخەوە ئەو وتارانە بڵاونەکرانەوە بەبۆچوونی من ئەو بابەتانە لەساڵی ١٩٧٤دا بووەو ئەوکاتیش دەرفەت نـەبـووە لەبەر ئـەوەی شۆڕشی کورد لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بەرپابووە، کەواتە لێرەدا ڕۆژنامەی تەئەخی باری کردووەو لەبەغدانەماوە. لەگۆڤاری پێشکەوتن لەژمارە هەشتی ساڵی ١٩٥٨مەقالەیەکی لەسەر چیای پیرەمەگروون وگوندی زێوێ نووسیوە، باسی پیرۆزی ئەو شوێنە دەکـات، کە وەفاتیشی کـرد، لەسەر وەسیەتی خـۆی لـەوێ نـێـژراوە. ئینجا لەگۆڤاری سۆمەر لەژمارەی دووی ساڵی ١٩٤٨دەبینین باسی ئەشکەوتی گندۆکی کردووە لە ناوچەی ئاکرێ و گرنگی دان بەو ئەشکەوتە.

کتێبەکانی وردن و ناوەڕۆکەکانیان قورسن

د. مارف خەزنەدار: ئەو زانا گەورەیە شتەکانی کۆبکەیتەوە کەمە، جارێ کتێبی قەبارە گەورەی نییە، کتێبەکانی هەمووی وردن، بۆ؟ ناوەڕۆکەکانیان قورسە بۆ نموونە کتێبی هەولێرەکە هەمووی دە لاپەڕە دەرناچێ، ئەمە ڕەنگە شەش ساڵ خەریکی بووبێ، ئێمەمانان کە لەمێژووی ژیانی شاعێرێک دەکۆڵینەوە بیست سەرچاوەمان لەبەر دەستە جیاوازی لەنێوان سەرچاوەکان هەیە، من خۆم هەندێک جار ڕۆژێک دوو ڕۆژ خەریکی ساغکردنەوەی ئەوە ئەبم، نەتیجەکەی چییە؟ ساڵی هەزارو نۆسەد و ئەوەندە لەدایک بووە،واتە کۆششی دوو ڕۆژ ئەبێتە ڕەقەمێک، کە تۆ ئەینووسیت، جا تەبیعەتی نووسینەکانی تۆفیق وەهبی لەجەنگی دووەمی جیهانی بەکار هێنرابوو، یەکەمەکە، بەڵام لەوێوە بەمروری زەمان ئەمانەن لایەکەی تری تۆفیق وەهبی کە پەیوەندی بەزمانەوە هەیە مەسەلەی وشەومێژووی وشە، دروستبوونی وشە کە زانستی ئیتۆمۆلۆژی پێدەڵێن لەوەدا زۆر وشیار بوو، خزمەتێکی گەلێک گەورەی زمانی کـوردی کـردووە بەتایبەتی لەو ماوەیەی کە گۆڤاری دەنگی گێتی تازەی بەڕێوە دەبرد، لەساڵی ١٩٤٣ باڵیۆزخانەی بەریتانیا لەبەغدا ئەو گۆڤارەی دەردەکرد، تۆفیق وەهبی جوابداری بوو، خەریکی ئەو گۆڤارە بـوو، لەو مـاوەیـەدا گەلێک زاراوەی حەرەبی و عەسکەری دروستکرد، داخی گرانم ئێستا ئەو زاراوانـە هەمووی لەبیرچوونەتەوەو لەباتی ئەوان زاراوەی تر دانـراون کە تەقریبەن ناگونجێن و ئەو مانایەش ناگەیەنن کە ئەو داینابوو، لەو زاراوانە بۆ نموونە فرۆکەیەک هەبوو بەعەرەبی باسیقەت ناریان پێدەگووت، بکە هەولێر، هەولێر لەچییەوە هاتووە؟ کەرکوک لەچییەوە هاتووە؟ شـارەزوور لەچییەوە هاتووە؟ وەک وشەی فەرهەنگی، نەک مێژووەکەیان ئیتر ئەمە نووسراوەتەوە پێویست ناکات من لەسەری بڕۆم بەنیسبەت هەولێرەوە، وشەی هەولێر هیچ مانای تێدا نییە، ماناکەی ئەوەیە لە وشەی ئەربیلەوە شەش جار تەتەوری کردووە ئەربیل ئەوریل ئەبریل تا لە هەنگاوی شەشم یان حەوتەم دەبێتە هەولێر بەم جۆرە دروست بووە، لەو سەیر تر لەوشەی خولەی کۆڵیوەتەوە خولە لەسلێمانی واتە مەحمود، هەرچی ناوی مەحمود بێت خولەی پێدەڵێن، ئەو مەحمودە بەحەوت هەنگاو دەبێتە خولە، ئەو هەنگاوانە هەر هەنگاوی یەکەم لەگەڵ دووەم پەیوەندی هەیە، سێیەم لەگەڵ دووەمدا، چوارم لەگەڵ سێیەم لەبەر ئەوە دەبینین ئەوەی ئەخیر تەواو دوورە لەگەڵ ئەوەی نابوو فرۆکەی تیشک هاوێژ، نیروب قوات، فرۆکەخانە، بۆمباو تۆپ و.. ئەوانەی کە پەیوەندی بەزاراوەی ئەمەوە هەیە. جارێکیان لێم پرسی وتم ئاسۆ لەکوێوە هاتووە کە بۆ ئوفقت دانـاوە؟ پێکەنی و گوتی زۆر سەیرە ئەمە فێڵێکە کردوومەو هەموو کەس ئەبێ فێڵی وابکات بۆ ئەوەی زمانەکە پێشبکەوێ. وتم ئەو فێڵە چییە؟ وتی ئاسۆ بەزمانی ئاوێستایی واتە ڕۆژهەڵات، ئینجا ئەم ئاسۆیە ئەگەر بۆ ئوفق بەکاری بهێنی ناشیرینە؟ نا تەبیعی لەوە جوانتر نییە، بۆ نموونە ئەمە شتێکە لەنووسینەکانی لەو سەردەمەدا دروستی کردووە. ئینجا ئەمە لایەنێکی، واتە داتاشین و دروستکردنی وشە و وشەی فەرهەنگی و زاراوە، بەڵام تۆفیق وەهبی شتێکی تری هەبوو ئەویش مێژووی وشە بوو، لێکۆڵینەوە لەوشە، لەوانە تەماشا دروست بووە، لەم چەشنە لێکۆڵینەوانەی کە ئەتیمۆلۆژی پێدەڵێن تۆفیق وەهبی زۆری هەبووە. ئەتوانم بڵێم یەکێکە لەزانا هـەرە گـەورەکـانـی کـورد کە ئەلفوبێی کوردی لەچوار چێوەی ئەلفوبێی زمانی عەرەبی هێنایە دەرەوە، خۆی ڕاستە ئێمە بەئەلفوبێی عەرەبی ئەنووسین، بەڵام سیستەمی قەواعیدی کۆنیش هەر لەسەر عەرەبی ئەڕۆیشت، ئەمە ڕاست نەبوو بۆ؟ چونکە زمانی کوردی و عەرەبی لەدوو بنەماڵەی زمانی جیاوازبوون، ئەوەی ئێمە زیاتر ئەچێتەوە سەر دەستووری زمانی ئەورووپاییەکان، ئەوجا ئینگلیز بێت، رووس بێت، فەرەنسی بێت، ئەڵمانی بێت.. تۆفیق وەهبی بۆ یەکەم جار دەستووری زمانی کوردی لەسەر ئەساسی بنەماڵەی زمانی هیندوئەورووپی واتە وەکو لقێک لەزمانی هیندوئەورووپی و لەدواییشدا وەکو لقێک لەزمانی هیندوئێرانی تەماشای زمانی کوردی کردووەو دەستوورەکەی داناوە، لەگۆڤاری گەلاوێژ بەزنجیرە بڵاوی ئەکردنەوە و پاشان دەیکرن بەکتێب بەکوردی و بەعەرەبیش، لەدواییدا هەولێکی تری دا بۆ ئەلفوبێ و چاککردنی باری ژیانی ئەلف و بێی کوردی نەک تەنها بە ئەلفو بێی عەرەبی بەئەلف و بێی لاتینیشەوە.

سەرۆک تاڵەبانیش بەشداربوو

د. عەبدوڵڵا عەلیئاوایی: بەداخەوە دەبینین تۆفیق وەهبی زۆربـەی ژیانی لەغوربەت بەسەر برد لەبەریتانیا تاوەکو ٥ی ١ی ١٩٨٤ وەفاتی کرد و دوو کوڕی لـەپـاش بەجێما لـەسـەر داوای خۆی وەسێتی کردبوو لەکوردستان بینێژن، ئیتر تەرمەکەیان هێنایەوە و ئەوکات جەماوەرێکی یەکجار زۆر ئامادەبوون و زانیاری عێراق لەساڵی ١٩٧٠ لەعێراق بەو ئەشکەوتە.

مام جەلال و مەلاجەمیل ڕۆژبەیانی لە مەراسیمی بەخاک سپاردنی مامۆستا تۆفیق وەهبی دا ساڵی ١٩٨٤

بەشداریان کردو سەرۆک تاڵەبانیش لەو مەراسیمەدا بەشداربوو وتـاری لەسەر گۆڕەکەی خوێندەوە. بەکۆتاییی هێنانی ئـەو کەڵە ڕۆشنبیرە دەتوانین بڵێین چرایەکی گەشی ڕۆشنبیریی کـوردی کوژایەوە.

بەشێک لەوتاری مام جەلال لەمەراسیمی ناشتنی تەرمی مامۆستا تۆفیق وەهبیدا

مام جەلال: قارمانانی کوردستان بە بەشداربوون لەناشتنی مامۆستا و زانای نەتەوەی کورد تۆفیق وەهبی بەگ نەک هەر وەفای خۆی دووپـات دەکاتەوە بۆ مامۆستا بەڵکو ئەو ڕاستییەشتان پێ ڕادەگەیەنێ کە بـاوەڕی نەگۆڕی هەیە کـە بـێ قـەڵـەم و کڵاشینکۆف، بەبێ چەکی بیر و چەکی دەست حەقی کورد بەدەست نایەت و ئەگەر بەدەستیش هات ناپارێزرێ.

خاوەن ئیمتیاز
د. فوئاد مەعسوم

سەرنووسەر
ستران ساڵح عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
محەمەد کەریم

ئامادەکردنی
زاهیر سدیق

سەرپەرشتیار
مەحمود نەجمەدین

دیزاینەر
ئەلبورز ڕەشید

پیرەمەگرون
کوردستانی نوێ